www.kurdistannet.org
17-12-2006 13:18بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پرسیاری بوونتان لە ئێمە ئەی کەمئەندامان ... دەوەن

saroyan@hotmail. de

گەر بە وردی سەرنجی مێژووی مرۆڤایەتی بدەین، ئەوا بێگومان، خۆمان لە ناو دەیان دێباتی فەلسەفی و مێژوویی و ئارکۆلۆژیادا دەبینینەوە. کە لێوان لێوە لە سەدان راڤە و شیکاری جیاواز لە ناو میتۆدە هیۆمانیستەکاندا، من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم! دیکارت، ئەو دێرە سەرنج ئامێز و مێژووی فەلسەفەیە کە توانی بوونی راسیۆنالیزم لەناو تاکی رۆژئاواییدا جێ بکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا ببێتە هۆکاری دروست بوونی عەقڵی جیاواز و دید و پێوانەی جودا لە ناو خودی رۆژئاواییدا. زەمەنی عەقڵگەرایی و ئازادی تاك خاوەنی ئەو دیرۆکە مەزنەیە، کە شاپریکلیس لە سەردەمی شارەدەوڵەتی یۆنان دا لەسەر گۆڕستانی ئەو دەمانەی ئاتێن جەختی لەسەر ئازاد بوونی تاك و مەلەسە دیمۆکراسییەکان دەکردەوە لە مێژوودا، جیگای تایبەتی و هەڵوێستی زەنگینی خۆی هەیە. کە دەڵێت: هەموو تاکێك لەم دەوڵەتشارەدا بە هەژار و دەوڵەمەندەوە پێویستە وەك یەك تەماشا بکرێن و کاری جدییان بۆ بکرێت بۆ خۆشگوزەرانی و بۆ چەسپاندنی ماڤەکانی تاك و فراوانکردنی زەمینەی دیمۆکراسی. هەر وەکو ئەنتیفۆن وتەنی: هەموو تاکێکی یۆیانی و غیرە یۆنانی پێویستە وەك یەك تەماشا بکرێن. ئەمە ئەو شەڕەیە کە گۆرگیاس و پراتاگۆراس و ئەنتیفۆن و چەندین سۆفیستی گەورەی یۆنانی بەرگرییان لێ کردووە و مێژوویەکی تریان ئاشنا کرد بێمان. کە ئازادی تاك و خۆشگوزەرانییە بۆ کۆمەڵگە. دەکرێت لێرەوە جارێکیتر ئەوە وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە دەبێت پاکژ بین و خاوەن فەزیلەت بین لە پێناو هاتنەدی خەونەکانی یەك بەیەکی تاکەکانی کۆمەڵگە.

سێس‌َرۆ وتەنی: مرۆڤی پاکژ دەبێت پاکژیش بخاتە کار. بەم مانایە بێت، ئێمەش وەکو هەموو مرۆکانی سەر ئەم ئەستێرەیە بە خاوەن دەستەڵات و بێ دەستەڵاتەوە پاکژی بخەینە کار بۆ ئەوەی بتوانین نیشتمانێك لە بوون دروست بکەین بۆ ئەو تاکانەی کە لەم نیشتمانەدا بەشێك لە جەستەی خۆیان کردۆتە قوربانی بۆ ئەوەی خاك ئاسوودە و نیشتمان ئاوەدان و گۆمەڵگە سەرفراز بێت. پشتگیری کردنمان لە هەڵوێستەی هاوڕێی شیرینم کەمئەندام حیکمەت مەعروف قادر ئەو زەمینیەیە کە هەمووومان لە ژێر چەتری بوونمان لە بەرانبەر یەکتریدا کۆ دەکاتەوە. مەرجە کۆ بین نەك جوداخواز. جواداییمان جگە لە هەتاوێکی سەراپاگیر بە بۆنی خوێن هیچ مانایەکی تری نییە. بەڵام کۆ بوونمان دەبێتە ئەو رۆشنایییەی کە لە کلاورۆژنەی ئەم هەڵوێستە ئامێزەوە تەماشای ئاسمانی بوونمان دەکات. گەرەکمە بڵێم: پێویستە بەشێك لە کاتەکانی ژیانمان پەیوەست بکەین بەو ئەرکانەوە کە دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی بۆ کەمئەندامانی گەلەکەمان. هیوام وایە، هەموو ئەو مرۆڤانەی کە ناوەوە و دەرەوەی کوردستانن پشتگیری خۆیان لەم هەڵوێستە بکەن، بۆ ئاسان کردن و خۆش ژیانیی کەمئەندامان لە هەموو روویەکی مرۆڤدۆستانەوە.

هیوادارم تاك بە تاکی کۆمەڵگە خۆیان و واژۆکانیان پشتگیری بکەن لەم هەڵوێستە مرۆڤدۆستانەیە، تا بوونمان وابەستە بێت بە بوونتانەوە. چونکە شەڕی بوون شەڕی تێکشانی عەقڵە خێڵەکییەکانی کۆمەڵگەیە بە کشت پێکهاتەکانییەوە.